# ٨ی مارس لەسلێمانی بە مەراسمی شکۆدار بەرز ڕاگیرا .




پاش نیوەڕۆی ٨ی مارس لە پارکی ئازادی شاری سلێمانی بەبەشداری جەماوەرێکی فراوان لە خەڵکانی یەکسانیخوازی شاری سلێمانی و کۆمەڵێك لە یەکسانیخوازانی دەربەندیخان و سەید صادق کەلەشوێنەکانی خۆیانەوە بۆ بەرز ڕاگرتنی ئەو ڕۆژە ریگای دوریان بڕییوو لەلایەن کۆمیتەی پێشوازی لە ٨ی مارسەوە بەمەراسیمێکی شکۆدار یادی ٨ی مارس بەرز ڕاگیرا .

سەرەتای مەراسیمەکە ئاواز محمد کە مەراسیمەکەی بەڕێوە دەبرد بەخێرهاتنی ئامادەبوانی کردو پاشان بەسرودێك لەلایەن هونەرمەند نەجم محەمەدەوە بەرنامەکانی دیکەی مەراسیمەکە دەستی پێکردو بەیاننامەی یەکەمی کۆمیتەی پێشوازی لە ٨ی مارس لەلایەن ئاکۆ خەلیل ئەندامی کۆمیتەی پێشوازی لە ٨ی مارس خوێندرایەوە و دوای پارچەیەك موزیك هەستیاری شاعیر پارچەیەك هۆناراوی پێشەشکرد کە بۆ٨ی مارسی نوسیبو ، پاشان وتاری کۆمیتەی پێشوازی لە٨ی مارس لەلایەن کاروان نەجمەدینەوە پێشکەش کرا .

دوای چەند شیعاری یەکسانیخوازی و گۆرانیەك پارچەیەك هۆنراوە بەزمانی عەەبی لەلایەن بەهرە محمدی شاعیرەوە کە بۆ ٨ی مارسی نوسیبو خوێندرایەوە ، دوای خوێندنەوەی پەیامی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی چەپی عیراق و کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستانی حیزبیکۆمۆنیستی ئێران پشتیوان کەریم پەیامێکی خوێندەوە کە داوایەکی هەنوکەیی لەخۆگرتبو بۆ پاراستنی ئەمنیەتی ژنان لە شارەزور . شایەنی باسە لە شوێنی مەراسیمەکە هەردوو ( محمد قەمەری تەبەسی و ئەسعدی شقایقی ) بە نوێنەرایەتی کۆمەڵێك لە زیندانیانی

سیاسی زیندانەکانی گەوهەردەشتی کەرج و زیندانی ئەوین ی تاران پێشانگایەکی وێنەییان کردبۆیەوە کە دەلالەتیان لەو تاوەنەگەورانەدەکرد کە جمهور ئیسلامی ئیران دەرحەق بەژنیان و پیاوانی ئازادیخوا دەیکات .

پاشان داخوازیەکانی ٨ی مارسی ئەمساڵ وەك خواستێکی هەنوکەیی خوێندرایەوە کەبریتیبون لەمانەی خوارەوە :

١- دەبێت یاسای بار کەسێتی لەکوردستان هەڵبوەشێتەوە و لەجێگایدا یاسایەك دابنرێت کە یەکسانی هەمەلایەنەی ژن و پیاو فەراهەم بکات .

٢- ئە نجامدەرانی هەرجۆرەتوندوتیژیەك بەرانبەر بەژنان یان بەکەم ناوبردنی ژنان دەبێت بە پێی یاسا ئیجرائاتی توندی لەگەڵدا بکرێت

٣- دەبێت ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن بکرێتە پشوی ڕەسمی .

٤-هەرجۆر فشارێك لەسەر ژنان بۆ پۆشینی حیجاب بە زۆر پێشێلکردنی مافی مەدەنییە و دەبێت بە پێی یاسا ڕێگەی لێبگیرێت.

پاش خوێندنەوەی ئەم داواکاریانە مەراسیمەکە بە وتنەوەی شیعاری یەکسانیخوازی لەناو شۆروشەوقی ئامادەبواندا کۆتایی هات .




**کۆمیتەی پێشوازی لە ٨ی مارس**

**٨ی مارسی ٢٠٠٨**